NÛBIHAR AKADEMÎ

# DOKUMENTEK / A DOCUMENT

NÛBIHAR AKADEMÎ

# ژمارەی ١٠١ی ڕۆژنامەی کوردستان بۆ یەکەم جار

# 101 Issue of the Journal of Kurdistan for First Time

مەهاباد: فەرەیدون حەکیمزادە*

شک لەوەدا نییە کە مێژووی ڕۆژنامەگەری کورد بە تاقە کەسێک ڕوون نابێتەوە و ڕێبوارانی ئەم بوارە ماندوبوونیان دەبێتە چرای ڕێگای ڕۆژنامەگەری. ئەوەی دەیبینن و دەیخوێننەوە هەوڵێکی بچووک و دەستکەوتێکی بەنرخە بۆ دونیای ڕۆژنامەگەری کوردی. باوکی کاک [ح. ب] لە ساڵانی ١٣٢٤ و١٣٢٥ی هەتاوی- ١٩٤٥-١٩٤٦ز وەک فیدایی لە کۆمەڵەی ژ.کاف و پاشانیش کۆماری کوردستان لە مەهاباد لەخزمەت خەڵکی ئەو دەم دا بووە. کاری خەیاتی بوو. جیا لە ئیشگەلی کۆمەڵایەتی لە کاروباری سیاسیش دا دەستی هەبووە. دو ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٥و١٠١ و چەند ڕۆژنامەی غەیرە کوردی لە پشت ئاوێنەی دوکانی خەیاتییەکەی شاردبۆوە، کاتێک پیاوانی ساواک بۆ گەڕانی دوکان تەواو هەوڵی خۆیان دا، بە هۆی ئەوەیکە شاگردەکانی دوکانی خەیاتییەکە نەیاندەزانی، لە دوکانەکە چ شاردۆتەوە؟ ڕۆژنامەکان نەدۆزرانەوە. تا چەند ساڵ دوای ئەم بەسەرهاتانە، کە ئاوێنەی دوکان شکاو و شاراوەکان دەرکەوتن. بەداخەوە ڕۆژنامە غەیرە کوردیەکان تێداچوون، بەڵام ئەم دوو ژمارە کوردستانە دۆزرانەوە کە ژمارە ٦٥ لەدەست دابوو، بەڵام ژمارە ١٠١م نەبینیبوو. لێرەدا وتارێک و شارایەک لە ناوەرۆکی ڕۆژنامەکە دێنمەوە.

ڕۆژی یەک شەممۆ٢٦ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی (واتە ٧٣ ساڵ) لەمەوپێش ڕۆژنامەی١٠١ی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە چوار لاپەڕە چاپ بووە. نرخی ڕۆژنامەکە دانەی قرانێکە و پێک هاتووە لە چەند وتار بە زمانی

* توێژەر و نووسەر / Researcher and Writer.
feridoon.hakimzade@gmail.com.
ORCID: 0000-0002-7629-4071

کوردی و فارسی و هەروەها ئاگاداری ئیدارەی عەدلیە و هەواڵ و پڕوپاگەندە بۆ چاپی ئاگاداری - کە مزی هەر دێڕ سێ ڕیاڵە- چاپ بووە. لە وتارەکانی ناو ڕۆژنامەکان ٣٥٪ بە زمان فارسی، ٦٢٪کوردی و ٢٪ئاگاداری و ١٪ هەواڵە.

لاپەڕە یەکەم=

١- با ائتلاف احزاب شوخی نکنید ( نووسینی: عەبدولرەحمان هەژار) ل١ و ٣

٢- دیدەنی خانمی پیشوای کوردستان لە بونگای چاپخانە و روژنامە(ناوی نووسەری لەسەر نییە) ل١ و ٤

٣- کارگەر کییە و چون بەری دەچی؟ ( نووسینی: ئاکام) مەبەستی "سەعید ناکام"ە. ل١و٢

٤- شەش حزبی زور موثر و بە هیزی ایران (نووسینی: دڵشاد رسولی) ل١و٣

٥- مندال بۆچ درو دەکا؟ (نووسینی: عبدالقادر احمد) ل١و٣

٦- آزادبونی ارفع و دو هەواڵ لە مادرید و هیندوستان (لەو لاپەڕە دا هاتووە)

لاپەڕە دووهەم =

١- مفاخری اسلامی بەشی زوری کورد بون ( نووسینی: محمد مجدی) ئەم وتارە لە زمانی عەرەبی بۆ فارسی وەرگێڕدراوە. ل٢

٢- ماوەی وتاری کارگەر کێیە و چون بەرێ دەچی؟ ( نووسینی: ناکام)

٣- آگاداری – حصر وراثت- لە لایەن فاتمە گەورکی ژنی سۆفی برایم – رئیس اداره عدلیه مهاباد – حسین مجدی- ل٢

لاپەڕە سێهەم =

١- پاش ماوەی وتاری مندال بۆچ درۆ دەکا؟( نووسینی: عبدالقادر احمد)

٢- پاش ماوەی شەش حزبی زۆر موثر و بە هیزی ایران (نووسینی: دڵشاد رسولی)

٣- پاش ماوەی با ائتلاف احزاب شوخی نکنید ( نووسینی: عەبدولرەحمان هەژار)

٤- دەنگ و باسی هەندەران

لاپەڕە چوارەم =

١- آزادی و ژیان- اقتباسات، (نووسینی: یای کبری عظیمی)

٢- پاش ماوەی دیدەنی خانمی پیشوای کوردستان لە بونگای چاپخانە و رۆژنامە

٣- تەنیا نفوسی کوردان لە ایران ٥١٣٢١٢٤ کەسە – لە رۆژنامە (آوور)ی جوانان وەرگیراوە. ل٤

٤- چوار ئاگاداری و یەک داوای لێ بوردن و دوو هەواڵ لە لاپەڕە چوار هاتووە.

بە پێی ئەوەیکە وتارەکان هەموویان گرینگی تایبەتی خۆیان هەیە، بۆ وێنە وتاری کارگەر کییە و چۆن بەڕێ دەچی؟

(نووسینی: خوالێخۆشبوو سەعید ناکام) دێنمەوە. ناوی وتارەکانم وەک دەقی خۆی نووسیوەتەوە.

کارگەر کییە

و

چون بەری دەچی؟

- ناکام-

لە پاش بڕانەوەی شەڕی گەورەی دووهەم ئەم کەلیمەیە کە جاران تەنها لەو وڵاتاندا بە کار دەهێندرا. لە کن ئێمەش کەوتە بڕەو و نووسەرەکانمان جار و بار نێوی دێنن، ساڵانی پێشوتریش کوردەواری کارگەری بووە و بگرە سەتی نەوەد و هەشتی کوردستان کارگەر بووە و ئێستاش هەر کارگەرن، بەڵام جاران لەکنمان وابوو. ئەمن و ئەتۆ و سۆفی سەعید و کاک حەسەن چونکوو هەر کارگەر بووین و خودا نەیداوینێ وەکوو دەسەڵات دارەکان نیوەشەو نانی بخۆین و بەرەبەیان بنوین و نێویۆ لە خەو هەستین، دەبێ هەر ((کارگەر)) بین، ئەوە هیچ کە دەبێ بەو حاڵەی ڕازی بین بەڵکوو پێویستە ورتەیەکیشمان لێ نەیە و هەمیشە دەستی شوکرانەمان بۆ ئەو حاڵە (خۆشە!!)مان بە حەواوە بێ...

چونکوو خودا وای فەرمووە!! ئێستاش کارگەری کورد هەروایە و هیچ نە گۆڕدراوە. تەماشا بفەرموون جوتیاری لادێ، کۆڵکێش (حەمباڵ)ی نێوشاری، فەعلەی قوڕەکاری، باغەوان، ئاشەوان، گاوان و چی و چی ..... لە زەمانی باب ئادەمەوە هەتا ئەوڕۆ شێوەیەکی ڕابواردنی ( مەمرە و مەژی) یان گرتووتە بەر وملیان بۆ دانواندووە و .... شوکرانەی خودای بە جێ دێنن. چونکوو دەبینن گازەرد خودا بۆ جووت و گێرەی داناوە و ئەگەر

لە کاریش کەوت، پێستەکەی بۆ کاڵە و گۆشتەکەی بۆ خێزان!! ئەوانیش خودا دایناون لە تەمەنی پێنج ساڵی ڕا دەست بکەن بە چەوسانەوە و ڕۆژێک نیوەتێر و سێ ڕۆژ برسی ... هەتا خودا دەرکی بە ڕەحمەتیان لێ دەکاتەوە و دەیانباتەوە خەزێنەکەی خۆی و ئەنجا دەحەسێتەوە، هەروەها خودا (سلەمان ئاغا) و میرزا پیرۆتیشی داناوە کە کرێی ڕەنجی شانی وان زۆر بە بێ مۆبالاتی بهاوینە گیرفان و مجریە پۆڵاکان و بیدەن بە خواردنی خۆش و بەرگی ڕەنگاوڕەنگ و گوارەی زێڕ بە زریزە و گەلێک شەئیی وا کە کارگەر هەر لە دوورەوە دەیبینێ و چاوی زەقە زەقە بێ... چونکوو خودا وای کردووە و هەموو قامکی دەستی وەکوو یەک نین، مەسەلەن بار گرانی (سەر) دەبێ لەسەر لەش بێ و (لاق) پێویستە بار گرانی هەموو لەش هەڵگرێ و بە ڕێگای دا بەرێ!!

ئەو قسانە هیچ ... بەڵکوو سەیرتر ئەوەیە ئەگەر زەحمەت کێشێک ئەوەندەی نەختێک لە داخی خۆی بێتە زمان و بڵێ ئاخر بۆ وابێ؟ ئیدی پێویست ناکا سلەمان ئاغا و میرزا پیرۆت لێی وەدەنگ بێن، بەڵکوو هەر کارگەرە هاواڵەکانی خۆی لێی دێنە زمان و دەیخنکێنن، چۆن؟ ئەگەر وابێ ئەتۆ بە بەشی خودای ڕازی نی و ناشکوری دەکەی؟ برا کارگەرە لات و هەژارە ڕووت و قووتەکانم... نەختێک وردببنەوە و بیرێک لە حاڵی خۆتان بکەنەوە، بە پێی کتێبی شەرع و حەدیس و بە هەموو ئاستێک دەڵێن بەشەر هەمووی لەیەک دایک و باب پەیدا بووە و بڵاو بوونەوە ... زۆر چاکە، دیارە ئەو دەمی ئاغا و جوتیار و قەرە نەبووە. ئەو چەند منداڵەی کە لە باب ئادەممان وەپاش کەوتوون هەموو وەکوو یەک میراتیان وەبەر کەوتووە و هەر لە پایەییکدا ژیاون. دەبا بیرێک لەوە بکەینەوە بزانین بۆ چی هێندێک لە (برا!!)کانمان وا ئەستوور بوون و هێندێکمان ئاوا کەوتینە سەر ساجی عەلی؟ ... ئەگەر ڕاستتان دەوێ ئەوە لە ئازایی و زۆرزانی خۆیانەوە نەبووە، بەڵکوو هەرچی چاکتر دزی زانیبێ و توانیبێتی زیاتر براکانی خۆی هەڵ خەڵەتێنێ و چاویان ببەستێتەوە و پارووەکانیان لە دەم بگێڕێتەوە، ئەوە ئاغایەتی و میرزایەتی بۆ خۆی و بۆ منداڵەکانی خۆی پچڕیوە و لە پاش خۆی کوڕەکەی یا خزمەکانی با زۆر گێل و نەزانیش بووبن. دیسان بە خۆشی ڕایان بواردووە هەتا ئێستا وا هاتووە و واڕۆیوە، بەڵام ئاخر با بەس بێ!! ئەگەر ئێمە برای دایک و بابێکین و بە هەمووەمان دەڵێن ئادەمیزاد، ئەدی ئەو برایە دەسەڵات و دەوڵەمەندانەمان چۆن دڵیان قەبووڵ دەکا و چۆن ویجدانیان ڕازی دەبێ لە کاتێکدا کە ئەوان برینج و گۆشت و...و...یان لەبەر چاو بێزراوە و بۆیان ناخورێ.

برایەکی کارگەری وان(( کە دەتوانم سوێند بخۆم ئەویش هەر لە باب ئادەم بووە و بیژوو نییە)) بە خۆی و هەشت یا دە سەر خێزانەوە. ڕۆژێ لای هەرە زۆری سێ یا چوار تمەن پەیدا بکاو بەڕێ بچێ؟ بەڵام ئەمن زۆر چاک دەزانم ئەو برایانەمان ئەم قسانەیان بە گوێ داناچێ... بە هەزار نووسینی وا(سلەمان ئاغا) ڕازی نابێ (حەمەدی قەرە)ش بێتە ڕیزی وی! چاکە، ئێمەش نالێین ڕازی ببێ، ئێمەش نامانهەوێ جارێ (سەر) و (لاق) جێگای خۆیان بگۆی نەوە بەڵام هیچ نەبێ جەنابی ئاغا دەکاتێکدا بیگاری بە ڕەعییەتەکانی دەکا و خەرجییان لێ دەستێنێ و دەیان نێرێتە هەرەوەزێ. بە چاوێکی بەشەری تەماشایان بکا و بە زمانێکی خۆش دەگەڵیان ببزوێتەوە. یا جەنابی میرزا فلان کە کۆڵێ گۆشت و برینج و خواردەمەنی ڕەنگاوڕەنگ بە حەماڵە ڕدێن سپییەکە یا منداڵە لاوازە شڕوڵەکەی نێو بازارێ هەڵدەگرێ، هیچ نەبێ ئەگەر لاقیان هەڵەنگوت (دەک ئەستۆت شکێ) یان پێی نەڵێ و لای وانەبێ ئەگەر دەستیان بگری و هەڵیان ئەستێنێتەوە، گلاو یا کافر دەبی! ئەوەندە دەزانم ئەو قسانەی من هەمووی بایە و بە بنا گوێیاندا تێدەپەڕێ و چارەی کارگەران بە پاڕانەوە ناکرێ، بەڵکوو پێویستی بە گۆڕانێکی سەرانسەری ڕژیمی ئێستایە کە نابێ ئەوەش بە دوور بزانین و لە کنمان زۆر دژوار بێ.

دوێنێ شەوێ لە چاپخانە بووم و لە کن کارگەرانی چاپخانەی ڕاوەستابووم. دیتم ئەو لاو و منداڵە پڕ لە حەماسەت و فداکارانە لە سەرەدای شەوێ ڕا هەتا دوای نیوە شەویش بە پێوە بەرامبەری دەزگای پیت (حروف)ە وردەکان دەهاتن و دەچوون و هەر (ء)یەک یا (-) یەک دوو سێ جاران دەستیان دەکونی دەزگاکان ڕۆدەکرد و پیتەکانیان پێکەوە دەنوساند. بە ڕێکەوت چرای ئەلکتریکیش کاری نەدەکرد، یەکی چرایەکی نەفتییان لە پێش خۆیان دانابوو.... بەڵێ حروفچینی تەواو بوو و ماشینە پیرۆزەکەی چاپخانەی کوردستان کەوتە ناڵەناڵ و ڕەش کردنەوەی پارچە قاقەزی سپی، هەتا ژمارە یەکی ڕۆژنامە هاتە دەر و منداڵەکانی ئیدارەی ڕۆژنامە دەبن هەنگڵیان ناو لەسەر شەقامەکان بەهەرا کردن دەیان قیژاند: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە نەوەتونۆ. کەچی دوێنێ یەکێک لەو(برا) خواپێداوانەی من و کارگەرانی چاپخانە یەکیک لەو ژمارانەی بە (قران)ێک، کڕیبوو چاوێکی پێداخشاند و دەنێو دەستیدا گڕمۆڵەی کرد و فڕێیدا. لە داخی ئەوە چوومەوە بەر فتیلە خۆشەویستەکەی ماڵی خۆمان و دەگەڵ هەڵمژینی دووکەڵی نەفتە بۆن خۆشەکەی ئەم چەند دێڕەم نووسی. لێم ئاشکرایە کە ئەو (برا) دەوڵەمەندەم بەو نووسینەی من کردەوەی خۆی ناگۆڕێ،

بەڵام هیچ نەبێ (برا) کارگەرەکانم ئەوەی بزانن کە هەتا بەو حاڵەی ئێستایان ڕازی بن هەر وا دەبن. تەنها ڕێگایەک کە ئەوان دەگەیەنێتە سەر شەقامی بەختەوەری و ڕزگاری ئەوەیە کە بە هەموو هێز و توانای خۆیانەوە لە پشت حزبی ڕەهبەریان حزبی دیمۆکراتی کوردستان ڕاوەستن و ئامادەی گیان بازی و فیداکاری بن، چونکوو ئەوە یەکەم جارە کە دەستەیەک لە نێو کورداندا وەخڕ ببێ و کاروبار بە دەستەوە بگرێ و بیری کارگەر و جوتێر و فەعلە و شوان و گاوانیشی ببی. نابێ لە سستی هێندێ کاران ناهومێد ببین چونکوو دەنگی ئەو دەهۆڵەمان سبەینێ گوێ دەبێ.دەگێڕنەوە کە: مەلای خودالێخۆشبوو شەوێکی درەنگ هاتەوە ماڵی خۆیان کە تەماشای کرد لە پشت دیواری ماڵیان کابرایەکی دز دیوار بڕی وەکار خستوە و کەلەبەرێکی دە دیواری کردو... مەلاش لێی چووە پێشی و گوتی: ( ئەرێ بابم ئەوە خەریکی چی؟) کابرای دزەش زۆر لە سەرەخۆ وەڵامی داوە: (مامۆستا گیان دەهۆڵ لێدەدەم!)

مەلا ئەم وەڵامەی زۆر پێ سەیر بوو و ئەوجار لێی پرسی: (ئەدی بۆ چی دەهۆڵەکەت دەنگی نایە؟) دزەش دەسبەجێ گوتی: (ئەو دەهۆڵەی من سبەینێ گوێت لە دەنگی دەبێ!) هیوامان بە خودای بێ هاوتا ئەوەیە کە حزبی ڕەهبەری دیموکڕاتمان لە ژێر چاوەدێڕی پێشەوای بەرز و مەزن دا بۆ پایەدار بکا، هەتاکوو بە دڵسۆزی خۆیان چینی کارگەریش بهێننە ڕیزی بەشەران و ئەوانیش لە ژیانێکی ئادەمیزادانە دا بەشدار بن.

# بەڵگەنامە ١ :ژمارهی ١٠١ی ڕۆژنامەی کوردستان بۆ یەکەم جار

**Document: 101 Issue of the Journal of Kurdistan for First Time**



ژماره ١٠١

ساڵی یەکەم

یك شه‌ممو

٢٦ خه‌زه‌لوه‌ر ١٣٢٥

# کوردستان

ارگانی حزبی دیموکراتی کوردستان

## بائتلاف احزاب شوخی نکنید

## دیده‌نی خانمی پیشوای کوردستان له‌بونگای چاپخانه و روژنامه

## شه‌ش حزبی زور موثر و به‌هیزی ایران

## کار شه‌ر کی‌یه و چون به‌ری ده‌چی؟

## مندال بوچ درو ده‌کا؟




ژمارە ۱۰۱ — کوردستان


کار گەر کێیە ؟ . .

مفاخری اسلامی بەشی زوری کورد بون

اگاداری

حصر وراثت


کوردستان
شەش حزبی
دەنگ و باسی هەندەران
لە بلغارستان
لە روماني
لە هندوستان
لە ئەمریکا



کوردستان

دیدەنی خانمی پیشەوای کوردستان

ئاگاداری

ئیئحصار وراثت

تەبیاتوسی کوردان

ئازادی و ژنان

ئاگاداری

ئاگاداری

ئاگاداری

لی بوردن